# خوای گەورە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لە شتێک کە لە دەروونی خۆیاندا دەیڵێنەوە؛ ئەگەر کردەوەی پێنەکەن یان نەیڵێن

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لە شتێک کە لە دەروونی خۆیاندا دەیڵێنەوە؛ ئەگەر کردەوەی پێنەکەن یان نەیڵێن».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە مسوڵمان لێپرسینەوەی لێناکرێت بەهۆی قسەی نێو دەروونی ئەگەر بە زمانی دەری نەبڕێت وکردەوەی پێنەکات، خوای گەورە ئەم ناڕەحەتیەی لەسەرمان لاداوە ولێمان خۆشبووە لەسەر ئەم قسانە، ولێپرسینەوە ناکات لە ئومەتی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- بەهۆی ئەو قسانەی دێت بە مێشك ودەروونیاندا بەبێ ئەوەی مەیلیان بۆی هەبێت وجێگیر بێت لەلایان؛ بەڵام ئەگەر جێگیر بوون لە دڵدا وەکو خۆبەگەورەزانین وشانازی وفیز زلی ودووڕوویی یان بە ئەندامەکانی کردەوە بەم قسانە بکات یان دەریان ببڕێت ؛ ئەوا لێپرسینەوەی لێدەکرێت سەبارەتیان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58144

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee